# بازه رگانی کردن به کچ له ئێرانا

ڕێناس جاف

کارناسیێکی باڵای توێژینه وه له سه ر ئافره تان وتی :
به گوێره ی لێکۆڵینه وه کانی کارناسان ، به ره به شی
ئافره تان له به شه کانی به ڕێوه به رایتی ئێرانا ته نێ
سه تی دوویه .
"مه حبوبه ی موقه ده م" ، خوێندکاری خولی ماسته ری
له به شی توێژینه وه له سه ر ماف و داواکارییه کانی
ئافره تان ، له جڤینی ڕۆژی جیهانی ئافره ت دا ، له شفرۆشی
به یه ک له زه بره کارییه کانی سه ر چینی ئافره ت زانی و
وتی : قوربانییه کانی له شفرۆشی له تاران ، گه یشتۆته
بانترین ئاستی خۆ و هه ر وه ها درکاندی ئه و شوێنانه ی
بۆ خستنه داوی مرۆڤ ، خۆیان ماتین داوه ، هه ر به ته نێ
له تارانا ده گات به 8 هه زار شوێن .
ئه و هه روه ها وتی : له ڕۆژا 54 کچی ته مه ن 16 هه تا
25 ساڵه ی ئێرانی ، له "که راچی" کاسبییان به سه ره وه
ده کرێ ، دیاره هۆی سه ره کی ئه و کاره ساته ،
سیاته تێکه بۆته مایه ی هه ژاری و بێ به شبوونی زۆرینه ی
جه ماوه ر له نێو کۆمه ڵگه دا .
موقه ده م ئه نجا ئاماژه ی به هه ندێ ڕاپۆری به ڵگه داری
نێو برێک له چاپه مه نییه کان کرد و وتی : ئه م جۆره
ڕاپۆرانه ڕوونکه ره وه ی ده س تێدا هه بوونی که سانی
خودان ده سته ڵات و ده س ڕۆیشتوو له په ره پێدان به

به ره ڵلایی و گه نده ڵکاری ئه خلاقییه ، چونکه گرووپه کانی
قاچاخ و بازه رگانی کردن به کچان که به فرۆکه کچان
بۆ وڵاتانی باشووری که نداوی فارس ده گوێزنه وه ،
چلۆنه هه مه جۆره هاسانکارییه کیان  ده خرێته به ر ده س .
ئه و هه ر وه ها وتی : ژماره ی کچانی هه ڵاتوو له ماڵ
له ئێرانا ده گات به 300 هه زار که س که نێزیکه ی
سه تی هه شتاو شه شی ئه و کچانه ی  بۆ یه که م جار
له ماڵ هه ڵدێن ، وه به ر ده س درێژی زایه ندی و جینسی
ده که ون .
موقه ده م وێڕای ئاماژه به و بابه ته ی  که پتر له 8 ملوێن
ژنی  ئێران له ژێر هێڵی هه ژاری ڕه هادا ده ژین ، وتی :
ژماره ی لاوانی گیرۆده به گرفت و گریمانه کانی ده روونی
له ئێرانا 8 هه تا  10 ملوێن که س مه زه نده  ده کرێ که
زۆربه شیان کچن .
موقه ده م پاشان به ڕاگه یاندنی ئه و خاڵه که ڕێژه ی
خۆکوژی له ئێرانا له چاو هه موو وڵاتانی دونیا ، له بانترین
ئاست دایه ، وتی : له ساڵا حه وت هه زار که س ده س
ده ده نه خۆکوژی که زۆربه شیان ژنن .
ئه و توێژه ره به ڕه خنه گرتن  له وه ی ئافره تان له
چالاکییه کانی جڤاکی و سیاسیش دا له گه ڵ ڕه وشێکی
نابه رانبه ر و نایه کسان ، به ره و ڕوون ، ڕاگه یاند :
به گوێره ی لێکۆڵینه وه کانی شاره زا و کارناسان ، ته نێ
سه تی دووی ئافره تان  له پله و پایه کانی به ڕێوه به رایێتی
ئێرانا  ده ور ده گێڕن که دیاره هۆی سه ره کی ئه م خاڵه
ئه گه ڕێته وه بۆ هه ژاری  گشتی له ئێرانا .
ئه و هه ر وه ها هێمای به به یاننامه که ی ئافره تان

کرد که داگری 11 برڕگان بوو ، له ماده و برڕگه کانی
ئه و به یاننامه ، قه ده غه بوونی فره ژنی ، مافی به شداری
بۆ ئافره ت له هه موو لقه کانی وه رزشی و هه ر وه ها
چالاکییه کانی هونه ری ئافره تان  و ئه و خاڵه ش که
ئافره ت سه ربه ست بێت له هه ڵبژاردنی لیباس و به رگی خۆدا .

سه رچاوه : ڕۆژنامه ی شه رق، پێنج شه مه 13 ره شه مه ی
ساڵی 1383 هه تاوی

Renas caf@yahoo.com